# خۆپیشاندانێک سەرهاتی پێ شەرمەزار بوو ... سوار جەوهەر

بە راستی ووتارێکی سەیرت نووسیوە کاك سەرهات تەنها (شەرمەزاری یەکە) تیایدا راستە، بەلاَم کێ شەرمەزار بووە؟ بێگومان تەنها خۆت وهاوبیرە مارکسی یەکانت ئەوانەی کە بە شیری نۆکەرایەتی گۆش کراون و رقیان لە میللەتی خۆیانە، هەردەم دەیانەوێ وا نیشانی خەلَکانی تر بدەن کە میللەتی کورد بە هەولَ وتێکۆشانی ئێوە وازی لە ئاین و رەوشتی خۆی هێناوە. ئێوە دوای ئەوەی کە دەبلَتان کوژایەوە بەشی هەرە زۆرتان وازتان لە حیزبەکەی مارکس هێناو بۆ لەوەڕ چوونە ناو ئەو حیزبانەی کە بە (ڕەجعیتان) دادەنان وەکو پارتی و یەکێتی، هەربەوەندەش دانەکەساون کە سەرووەت وسامانی ئەو میللەتە رەش و رووتە دەدزن، بەلَکو هەولَی دامالَینی شەرەف و رەوشتیشی دەدەن فەرمو سەیرێکی رۆژنامەی خەباتی رۆژی 2006/2/15 بکەو بزانە چۆن ئەویش وەکو جەنابت جەرگی بەو خۆپیشانە دەیان هەزار کەسیەی شاری هەولێری کوفر بەزێن داغ بووەو نازانێ چۆن وبە چ روویەك باسی ئەو رووداوە گرنگە بکات، هەستاوە بە چەند دێرێك و وێنەیەکی بچووك باسی کردووەو دەلَێت لەسەر داوای هەندێك لە زانایانی ئاینی ژمارەیەك!!! لەخەلَکی هەولێر خۆپیشاندانێکیان سازدا بۆ بەردەم پەرلەمانی کوردستان دژ بە وێنە کاریکاتێری یەکانی رۆژنامە دانیمارکی یەکە، کەچی راستی یەکەی لەسەر بانگەوازێکی کۆمەلَ و یەکگرتوو و زانایانی ئاینی بۆ ماوەی تەنها یەك رۆژ دەیان هەزار کەس رژانە سەر شەقامەکانی هەولێر و بە دلَ وبە گیان هوتافیان دەکێشاو خۆشەویستی خۆیان بۆ پێغەمبەر (د . خ) دەردەبڕی و تف ونەفرەتیان لە دوژمنانی پێغەمبەر و نۆکەرانی کوفر دەکرد و یەکێك لە هوتافەکانیان ئەوە بوو کە دەیانگوت (نامانەوێ لە کوردان رۆشنبیرێکی حەیوان)، رۆژنامەکە هەر بەوەندەش نەوەستاوە بەلَکو وێنەی ئافرەتێکی بەڕەلَلای لەتەنیشت وێنە بچووکەکەی خۆپیشان دەران بلاَو کردۆتەوە کە دوو هێندەی وێنەی خۆپیشاندەرەکان دەبێت، ئەوەش ئەگەر مانای شتێك ببەخشێت مانای ئەوەیە کە گرنگی ئەو خۆپیشاندانە گەورەیە لای ئەو رۆژنامەیە ناگاتە نیو ئەوەندەی گرنگی ئەو ئافرەتە بەڕەلَلایە!! ئەوەیە سك هێشان کاکە. کاك سەرهات تۆ دەلَێیت (هەست بە جوولەیەکی نەزۆکی تاریك پەرست دەکەم لە ژێربە ژێرەوەی پشت پەردەکانی شانۆی رووداوەکانی میللەتەکەم دا)

ئایا هیچ جوولەیەك هەیە لە جوولەی جەنابتان تاریك پەرست تر بێ کە دەتانەوێ بەهۆی ئەو ئافرەتە بەڕەلَلایانەوە ئافرەتانی کوردیش وەکو ئافرەتانی ئەوروپا بەد رەوشت ببن و لەگەلَ سەگ و تاژی و شامپازی راببوێرن، یان وەکو جەزا چنگیانی کە ئافرەتەکەی خۆی فێر دەکات لە کاتی لە مالَ نەبوونی چۆن بە پەنجە درێژەکەی خۆی کاری سێکسی بکات یان پیاوێك بهێنێتە سەرجێگای خۆی!!. یان دەلَێ ی کە ئەو رووداوە (نە لە دوور نە لە نزیك پەیوەندی بە کەلَتوور و مێژوومانەوە نی یە)، پێم نالَێ ی کێ تۆی کردووە بە ریش سپی میللەتی کورد تا بە کەیفی خۆت باس لە کەلَتوور و مێژووی کورد بکەی؟ئەی ئەگەر ئەم رووداوە گرنگە پەیوەندی پێمان نەبێ پێم نالَێ ی چ شتێك هەیە پەیوەندی پێمانەوە هەبێت؟ تۆ کە وازت لە ئاین و رەوشتت هێناوە وا دەزانی میللەتی کورد هەمویان وەکو تۆ وازیان لە ئاینیان هێناوە؟ باش بزانە کە دەیان هەزار گەنجی ئەم میللەتە ئامادەن کەبە گیان بەرگری لە ئیسلام بکەن، بەلاَم ئایا تۆو هاوشێوەکانت کە خۆتان لێ بووە بە ریش

سپی وکێخوای ئەم میللەتە دەتوانن تا مانگێکی تر لە ناو هەولێر تەنها سەد کەس بهێننە سەر شەقام و بەرگری لە رۆشنبیرە حەیوانەکەی کوردستان و رۆژنامە دانیمارکی یەکە بکەن؟؟؟؟ ئەگەر کارێکی واتان کرد ئەوا دانتان پێدا دەنێم کە بنکۆکەیەکتان هەیە لەناو گەلی کورد، بەڵام ئەگەر ئەم کارەتان پێ نەکرا ئەوا دیارە ئێوەو بیروباوەڕەکەتان نامۆن بەم گەلەو جارێکی تر بەناوی ئەم گەلە
قسە مەکەن.

هەروەها نووسیوتەو دەڵێیت کە ئەم وولاتە (هەردەم پاڵپشتی میللەتەکەمان بووە)، زەحمەت نەبێ پێمان نالێ ی لەساڵی 1975 کە ئەمریکا کوردی بە قوربانی ئیسرائیل کردو ئەو نسکۆیە گەورەیەی توشی شۆڕشی کورد کرد، هەڵوێستی دانیمارك و هەموو وولاتە رۆژئاواییەکانی تر چی بوو؟؟؟ ئایا جگە لە فراوان کردنی پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ رژێمی تاغوتی سەدام هیچ شتێکی تریان کرد بۆ گەلی کورد باش بێت؟؟.

یان ئەو کاتەی کە میللەتی کورد بە چەکی کیمیایی بۆردومان دەکرا پێم نالێ ی دانیمارك و وولاتە رۆژئاواییەکانی تر چییان بۆمان کرد جگە لە پڕ کردنی جبەخانەکانی سەدام بە چەکی کۆکوژ؟؟ تۆ دەڵێ ی (ئێوە لە کوێ بوون) ئەی پێم نالێ ی خۆت وئاغاکانت لە کوێ بوون؟ بێگومان ئەوەی شتێکی پێ بکرابا بۆ کورد تەنها وولاتە زل هێزەکان بوون، جا زەحمەت نەبێ لێیان بپرسە مادام هێندە بە تەنگ بەرژەوەندی یەکانی ئێمەوەن، بزانە بۆ یارمەتیان نەداین؟؟ یان مەسەلەکە پارە بوو ئێمەش گەلێکی رووت و هەژار بووین بۆیە کەس مەرحەبای نەدەکردین!!؟.